راپۆرتی ڕێز گرتن لە یادی کۆمەڵە- ستۆکهۆڵم

ستۆکهۆڵم_ هاوڕێ عومەری ئێلخانی زادە_ ڕۆژی کۆمەڵە

ڕۆژی شەممە ٢٨ی ژانویە ساڵی٢٠٠٦ زایینی بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری ستۆکهۆڵم پێتەختی سۆئێد، ڕێو ڕەسمێکی پڕ شکۆ بۆ ڕێز گرتن لە یادی٢٧ساڵ خەبات وتێکۆشانی ئاشکرای کۆمەڵە پێکهات. ساڵونی گەورەی سۆڵناهاڵن لە شاری ستۆکهۆڵم بەشێوەیەکی بێ وێنە ڕازاباووەوە، دروشمەکانی(سەرکەوتوویێت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بژی سۆسیالیزم وتێکۆشان بۆ پێك هێنانی بەرەیەکی کوردستانی) وئاڵای کوردستان وئاڵای کۆمەڵە بە ئەستێرە سوورەکەیەوە سەرنجی بەشدار بووانی ڕادەکێشا. وێنەکانی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی نەتەوەیی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی وئازادی وسروودە شۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵە بە پرۆژێکتور بڵاو دەبوونەوە. وێنەی کاك حەمە حسێنی کەریمی کە ڕۆژی کۆمەڵە بەدوای گیانبەخت کردنی ئەو بەوناوە ناوزەد کراو بوو بە ڕەمزی پەیمان تازەکردنەوە لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵە و ئاواتەکانی گەلی چەوساوەی کوردستان، و هەروەها وێنەی کاك فوئاد وەك یەکێك لە ڕابەرانی گیان بەخت کردووی کۆمەڵە وخەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان ویەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە دەبیندار. وێنەیەکی خاتوو مەرزیەی فەریقی کە هەمیشە بەشداری خەمو شادییەکانی خەڵکی کورد بوو ولە یادەکانی کۆمەڵە دا بەشداری چالاکی هەبوو، بۆ ڕێز گرتن لە یادی ئەو هونەرمەندە شۆڕشگێڕە دانرا بوو.

لەکاتژمێر٦ی ئێوارە پۆل پۆل تێکۆشەران ومیوانان بەجل وبەرگی ڕازاوەوە دەهاتن بۆ بە شداری لەم یادەدا.

بەرنامەکە بە سروودی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان دەستی پێکرد، پاشان بۆ ڕێز گرتن لە یادی گیانبەخت کردووانی ڕێگای ئازادی وڕزگاری، دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگیرا. پاشان هاوڕێ عومەر ئێلخانی زادە ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی کۆمەڵەوە وتارێکی پڕ بایەخی پێشکەشی بەشدار بووان کرد. بەدوای قسەکانی هاوڕێ عومەر، پەیامی کۆمەڵە بە زمانی سوئێدی پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دێمۆکراتی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وفێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان پێشکەش کرا. بەدوایدا پەیامی حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئێد وحیزبی گەل و حیزبی ژینگە لە لایەن نوێنەرەکانیان خوێندرایەوە، وە هەروەها نوێنەری فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان و ڕۆژنامەوانی بەناوبانگ کوردۆ باکسی وتاریان پێشکەش کرد. پاشان سپاسی پەیامی پیرۆزبایی حیزبی شیوعی، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، فێدراسیۆنی ئازەربایجانیەکان و یەکێتی ژنانی کوردستان وکۆمیتەی پلاتفۆرمی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.

بەرنامەکە لەبەشی هونەری دا بەبەشداری هونەرمەندان جەلال نەقشبەندی و میکاییل و پرشنگ توانا وماردین ونارین و جوودیو نەجمەدینی غولامی ڕازایەوە وشادی وهەڵپەڕکێ و خۆشی هۆڵەکەی پڕ کردبوو. ڕێوڕەسمەکە بە ئاواتی سەرکەوتن وجێژن گرتن لە کوردستانی ئازاد دا کۆتایی پێهات.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕۆژی کۆمەڵە لە ستۆکهۆڵم- سوێد

سویس: ڕێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە

ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٢/١٢ ڕێکخراوی کۆمیتەی کۆمەڵە لە وڵاتی سویس ڕێوڕەسمێکی شکۆداریان بەڕێوەبرد.

ڕێوڕەسمەکە لەناو ئاپۆرەی بەشداربووان دا بەم جۆرە دەستی پێکرد: دوای بە خێرهاتن وپارچە پەخشانێك لە لایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامەکە هاوڕێیان سوبیە سەفەری وئەحمەد ئەحمەدزادە وە ریزی بەرنامەکان ڕاگەیەندرا، بەدوای ئەوەدا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان دەستی پێکرد کەکەش وهەوایەکی تایبەتی دابە ڕێوڕەسمەکە، پاشان خولە ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لەیادی گیانبەخت کردووانی ریزەکانی کۆمەڵە وهەموو گیانبەخت کردووانی ڕێگەی ئازادی ومافەرەواکانی گەلی کورد و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕاگەیندرا، بەدوای خوێندنەوەی چەند شیعر وپەخشاندا هاوڕێ حەسەن محەمەدی کادری لە مێژینەی کۆمەڵە لە لایەن کۆمیتەی سویسەوە لە سەر ڕۆژی کۆمەڵە وبارودۆخی ئێران وکوردستان وتارێکی پێشکەش کرد، لەو ڕێوڕەسمەدا چەندین پەیام وبرووسکەی پیرۆزبایی کە لەلایەن ڕێکخراوەسیاسیەکانی کوردستان وئێران وکەسایەتیە سیاسییەکانەوە پێمان گەیشتبوون لە لایەن خۆیان یان پێش کەش کاری بەرنامەوەخوێندرایەوە، کە بریتی بوون لە:

١ـ کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان – لقی سویس

٢ـپارتی یەکێتی کورد لە سوریە– سویس

٣ـ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەناردنی پەیام پیرۆزباییان کرد

٤ـ حیزبی شیوعی کوردستان– سویس

٥ـ ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفال وژینۆسایدی گەلی کورد(چاك)–سویس

٦ـ ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی گەلی ئێران– سویس

٧ـڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران– ئەکسەریت– سویس

٨ـبەرەی دێمۆکراتیکی گەلی عەرەب ئەحواز– سویس

٩ـ یەکێتی دێمۆکراتی ئیرانیە پێشکەوتنخوازەکان– سویس

هەروەها مامۆستا ئاسۆ پیرۆتی کەسایەتی سیاسی بەم بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد.

بەشی دووهەمی ئەو یادە بریتی بوو لە بەرنامەی هونەری ومۆسیقا کە هونەرمەندانی خۆشەویست هێرش هەورامی، لۆکە زاهیر،موحسن بەرزەنجی، نەبەز بابان، ماهیر و ڕەوز بەدەنگی بەسۆزوئاهەنگی جوانیان کۆڕەکەمانیان تاشەودەرنگان بەرازاوەیی ڕاگرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا چەندین چاوپێکەوتنیش کرا، ئەرکی فیلم بەرداری ڕێوڕەسمەکە هاوڕێ گۆرانی وە ئەستۆی گرتبوو، ئێمە سپاسی زەحمەتەکانی دەکەین.

کۆمیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

کۆمیتەی سویس٢٠٠٦/٢/١٢

ڕاپۆرتێ لە ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری لەندەن

ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندان، ڕێکەوتی ١٨ی فێبڕییە، ڕێ وڕەسمێکی شکۆدار بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە لە یەکێ لە ساڵۆنەکانی شاری لەندەن بەڕێوە چوو. دیوار و سێنی ساڵۆنەکە بە چەند پۆستێرێ لە هاوڕێیان فوئادی مستەفا سولتانی و کاك حەمە حسێنی کەریمی، ئاڵای کۆمەڵە و ئاڵای کوردستان و چەند شیعاری کۆمەڵە ڕازابۆوە و دەنگی سروودەکانی کاك فوئاد، کاك شوان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، فەزای ساڵۆنەکەی پڕ کردبوو. لە سەعات ٥ی پاش نیوەڕۆوە میوانەکان دەستە دەستە دەهاتنە ناو ساڵۆنەکە و ساڵۆنەکەیان پڕ کرد، بە جۆرێ کە کاتی دەسپێکردنی ڕێ و ڕەسمەکە نزیکەی و ٤٥٠ هەتا ٥٠٠ کەس ئامادەی ڕێ و ڕەسمەکە بوون.

نزیکەی سەعات ٦ی دوانیوەڕۆ، ڕێ و ڕەسمەکە بە بەخێر هێنانی میوانان دەستپێکرد. وەك ڕەواڵی هەمیشەیی، بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەختکردووانی کۆمەڵە و ڕێگەی ئازادی و سۆسیالیزم، دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگیرا. پاش بڵاو بوونەوەی سروودی تازەی کۆمەڵە بە ناوی بانگەواز، هاوڕێ ناهید بەهمەنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و وتاری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندەوە. هاوڕێ ناهید باسی لەوە کرد کە بۆچی ئەو ڕۆژە بە ناوی ڕۆژی کۆمەڵە ناودێر کراوە و ڕێزی لە یادی کاك حەمە حسێنی کەریمی گرت و جەختی لەسەر ئەوە کرد کە بەڕێوەچوونی ڕۆژی کۆمەڵە تەنیا بۆ ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەری و فیداکاری کۆمەڵێ مرۆڤ لە قالبی حیزبێ بە ناو کۆمەڵە نییە، بەڵکوو ڕووداوێکی مێژوویە کە ڕێز گرتن لێی بۆتە سونەتێکی خەباتکارانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. لە درێژەدا، هاوڕێ ناهید بەهمەنی، بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستانی لێکدایەوەو لە بەشێ لە قسەکانیدا وتی: بە بێ وڵامدانەوە و چارەسەری بنەڕەتیی مەسەلەی میللی لە ئێران و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی و دان پێدانان بە مافی گەلانی دانیشتووی ئێران لە چارەنووسی خۆیاندا، ناکرێ باس لە ئاڵوگۆڕێکی موسبەت لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران قسە بکرێ. هاوڕێ ناهید بەهمەنی جەختی لەسەر ئەوە کرد کە باشترین ڕێگە بۆ وڵامدانەوە بە کێشەی میللی لە ئێرانی داهاتوودا، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی فێدراتیوە. هاوڕێ ناهید بەهمەنی بە هەڵسەنگاندنی موسبەتی کۆنگرەی گەلانی ئیرانی فێدرال، ئەم هەنگاوەی بۆ نیشاندانی یەکێتی و دۆستایەتی لە نێوان گەلانی دانیشتووی ئێران بە باش زانی.

لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا هاوڕێ ناهید باسی لە پرۆژەی تەلەڤزیۆنی ڕۆژهەڵات کرد و وتی: ئەگەرچی ئەرکی دامەزراندن و وەڕێخستنی ئەم تەلەڤزیۆنە لە سەر شانی کۆمەڵە بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو کاناڵە تەنیا و تەنیا بە دەربەستی سیاسەتەکانی کۆمەڵەیە. کۆمەڵە تێدەکۆشێ ڕۆژهەڵات تیڤی بکاتە تریبوونێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان لە کوردستان و هەروەها دەنگی ناڕەزایی هەموو خەڵکی کوردستان بێت. هاوڕی ناهید بەهمەنی هەروەها وتی: ئەگەر لە جەریانی ئاخێزەکەی هاوینی ڕابردووی کوردستاندا، ڕۆژهەڵاتی تیڤی ببوایە، دەیتوانی باشتر، دەنگی ئەو ئاخێزە بگەیێنێتە ئەو دیوی سنوورەکانی کوردستان، ئەوە یەکێ لە ئامانجەکانی کاری داهاتووی ئەو کاناڵە دەبێ.

هاوڕێ ناهید لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، فەزای سیاسی ژاڵ بە سەر شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ی وەبیر هێناوە وتی: بەو هۆیە کە بەشێکی زۆر لە ڕێکخراو و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان خومەینی و دەسەڵاتەکەیان بە دژی ئەمپریالیزم دەزانی، دەستکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە بە تاڵان برا و حکوومەتی ئایین دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. هاوڕێ ناهید لەمبارەوە وتی: ئەمجارەیان بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوو، نابێ بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ ئەمپریالیزم، نەخوازراوانە پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی بکرێ. لەگەڵ ئەوەی دژی هەر جۆرە دخاڵەتێکی دەرەکین، ئیزن نادەین بە بیانووی خەبات دژی ئەمپریالیزم، ڕیزی مرۆڤ کوژان و تیرۆریستیە ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی بە ڕواڵەت دژی ئەمپریالیزم بە لام لە ناوەڕۆکدا، دواکەوتوو و کۆنەپارێز پتەو پکرێ، بەمجۆرە تەنیا و تەنیا کۆماری ئیسلامی سوودی لێ دەبات. ئێمە لە پاڵ دژایەتیمان لەگەڵ هەر جۆرە دخاڵەتێکی دەرەکی، ڕامان وایە باشترین و کەم خەرجترین ڕێگەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا و تەنیا ئاخێز و شۆڕشی خەڵکی ئێرانە. بەلام کێشەی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی دواکەوتووانەی بە ڕواڵەت دژە ئەمپریالیستی پێوەندی بە بەرژەوەندیی ئەو خەڵکەوە نییە کە خوازیاری ڕووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامین.

هاوڕێ ناهید لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد کە لە ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵەدا ئامادە بوون و پیرۆزبایی ڕۆژی کۆمەڵەی لە خەڵکی کوردستان کرد. قسە و باسەکەی هاوڕێ ناهید بەهمەنی لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازی گەرمی لێکرا و بە سروودی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەشی یەکەمی ڕێ و ڕەسمەکە کۆتایی پێهات.

لە بەشی دووهەمی ڕێ و ڕەسمەکەدا پەیامی حیزب و لایەنەکانی بەشدار لەو ڕێ و ڕەسمەدا خوێندراوە کە بریتی بوون لە یەکێتی نێتشتمانی کوردستان، پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتیکی هاوپشتی دێمۆکراتیکی ئەهواز و مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە بریتانیا.

ڕێ و ڕەسمەکە بە گۆرانی هونەرمەدانی دەنگخۆش ئیلحان، محەمەدی حەیدەری درێژەی کێشا. یەکێ لە ژنانی خەباتکاری ئۆردوگای ئاڵتاش کە لە وڵاتی بریتانیا پەنابەرە، بە ناوی خاوەر، بە خوێندنەوەی پارچە شێعرێ لە شێعرەکانی خۆی سەبارەت بە دەستبەکار بوونی ڕۆژهەڵات تیڤی، پێشوازی لەم کاناڵە تەلەڤزیۆنییە کرد. پاشان گروپی هەڵپەڕکێی کوردستان کە لە چەند فێستیڤاڵی نێونەتەوەیدا بەشداربیان کردووە، لە ڕۆژی کۆمەڵەدا بەشداربیان کرد و چەند دیمەنێکیان لە هەڵپەڕکێی کرمانجی و هەروەها هەڵپەڕکێی سۆرانی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و زەبت و پەخشی ئەو شانۆیەیان بۆ یەکەمین جار، پێشکەش بە ڕۆژهەڵات تیڤی کرد. پاشان جەلال غەریبی، شاعیری هەست ناسك بە زاراوەی ئیلامی پارچە شێعرێکی لە وەسفی کۆمەڵەدا پێشکەش کرد و لەگەڵ پێشوازی گەرمی ئامادە بووان بەرەوڕوو بوو. پاشان گروپی هونەریی "ناز" بە دەنگی خۆشی کاك سەباح ڕەواندزی هونەرنماییان کرد و ڕێ و ڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان هەتا درەنگانی شەو درێژەی هەبوو. شایانی باسە میوانانی ڕێ و ڕەسمەکەی یارمەتی ماڵی ڕۆژهەڵاتی تیڤییان کرد و بەمجۆرە پشتیوانییان لە ڕۆژهەڵات تیڤی کرد. لە کاتی بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمەکەدا، هەواڵنێری ڕۆژهەڵات تیڤی لەگەڵ کۆمەڵێ لە ژنان و پیاوانی بەشداربوودا وت و وێژی کرد.

ئا/ڕەزا ئەخگەر